# ئەگەری هێرش بۆ سەر ئێران پەرەی سەندووە

ڕۆژی یەك شەممە دووهەمی سپتامبرژمارەیەك لە ڕۆژنامە ئینگلیسی زمانەکان، جارێکی دیکە بابەتیان لەسەر نزیك بونەوەی هێرش بۆ سەر ئێران بڵاو کردەوە. ساندی تایمز چاپی لەندەن لە ڕاپۆرتێك لە ژێر ناوی "گەڵاڵەی زەربەت وەشاندنی سێ ڕۆژەی پینتاگۆن بۆ سەر ئێران" لە زمان شارەزایێکی ئەمنیەتی نەتەوەیی بڵاوی کردەوە، وەزارەتی بەرگری ئەمریکا بۆ لەناو بردنی توانای سەربازیەکانی کۆماری ئیسلامی، گەڵاڵەیێکی هێرشی ئاسمانیی بەربڵاو کە ١٢٠٠مەبەست لە ئێران دا بپێکێ دارشتوە، ئەو گەڵاڵەیە کە ساندی تایمز نووسیویە ماوەکەی سێ ڕۆژ دەبێ. بەرپرسی بەشی ئەمنیەتی نەتەوەیی و ترۆریزم لە ناوەندی "لێکۆلینەوەی نیکسون" ڕۆژنامەی ساندی تایمزی ئاگادار کردۆتەوە، داڕێژەران و شارەزایانی سەربازیی ئەو گەڵاڵەیەی ئەمریکا هێرشێك "کە ماوەکەی دیار و خێرا بێ" بۆسەر دامەزراوە سەربازیەکانی ئێران ئامادە نەکراون، بەڵکو گەڵاڵەی ئەوان تێکڕای دامەزراوە سەربازیەکانی ئێران دەگرێتەوە. ساندی تایمز، هەروەها باسی قسەکانی جۆرج بوش سەرۆك کۆماری ئەمریکای کردووە کە گوتبوی گەڵاڵە ناوکییەکانی ڕژیمی




تاران، خۆرهەڵاتی ناوەراستی خستۆتە ژێر سێبەری هۆلۆ کاستی ئەتۆمی. سەرچاوەیەکی ئاگادار لە واشنتۆن بە ساندی تایمزی ڕاگەیاندوە لە هەیئەتی دەسەڵاتداری ئەمریکا بەگەرمی باسی ڕووبەڕوونە لەگەڵ ئێران دەکرێ. دیلی تیلگراف، ڕۆژنامەیێکی دیکەی چاپی لەندەن لە ڕاپۆرتێکدا دەپرسێ، ئایا سەرەك بووش ئێران بۆمباران دەکا؟

دیلی تلگراف دەنوسێ، دەستەییێك لە هاوکارانی جۆرج بووش، لێکۆلێنەوە لە سەر گەورەترین هەرەشەی ئەم سەدەیە لە دژی دەوڵەتەکەیان دەکەن، ئەویش تاقیکردنەوەی ئەتۆمی لەلایەن ئێرانەویە. بە پێی نوسراوەکەی دەیلی تیلگراف، ئەمریکا بەکارهێنانی بۆمبی ئەتۆمی لەلایەن ئێران لە دژی ئیسرائیل و یان ئەوەی ئێران چەکی ئەتۆمی بداتە دەست تاقمە ترۆریستەکان بە هیچ شێوەیەك قەبوڵ ناکا و هاوکاتیش ئەگەر ئێران هێرشی کرایە سەر بەکەڵك وەرگرتن لە چەکی نەوت یان گرتنی تەنگەی هورمز، هەوڵ دەدات ڕووبەڕووی ئەو هێرشەی دەکرێتە سەری، ببێتەوە. دەیلی تلگراف دەنوسێ ئەرکی کارناسانی، وەزارەتی بەرگری، وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی ئەمنیەتی ناوخۆیی ئەمریکا کە لەو پێوەندیە دا کۆبوونەوە دەکەن، ئەوەیە کە ڕێگەچارەی بەرزبوونەوەی لە ناکاوی نرخی نەوت بەراورد بکەن، ڕوداوێك کە ئابووری جیهان تووشی کارەسات دەکا. ڕۆژنامەی واشنگتن تایمز، چاپی ئەمریکا لە وتارێکدا باسی چەکدار بوونی هاوپەیمانانی ئەمریکا لە خۆرهەلاتی ناوەراست لە دژی جمهوری ئیسلامی دەکا و دەنووسێ: باشترین بەڵگە بۆ ئەوەی کە پێویستە ئەمریکا لە عێراقدا سەرکەوێ قسەکانی ئەم دواییەی ئەحمەدی نژادە کە گوتبووی کۆماری ئیسلامی لە خۆ ئامادە کردندایە بۆ پڕکردنەوەی جێگەی چۆڵ کراوی ئەمریکا لە عێراق.واشنگتن تایمز لە لێکدانەوەیێکی دیکە لە نووسینی(الیور نورث) هەواڵ لە هەڵ کرانی چرای مەترسی بۆ سەر ئێرانی بڵاوکردوەتەوە.

"الیور نورث" کە لە ساڵی ١٩٨٠زایینی و لە کاتی سەرۆك کۆماری ڕۆناڵد ریگان، ناوی لە پێوەند بە بازرگانی چەك و تەقەمەنی لە گەڵ ڕژیمی ئێران و پەروەندەکەی کە بە ئێران کۆنترا، ناوی دەرکرد لە ڕۆژنامەی واشنتن تایمز دا نووسی ئەگەر مانگی سپتامبریش وەك مانگی ئووت کۆتایی پێ بێ، مانگێکی پڕ لە قازانج دەبێ.

"ئەلیور نورث" ئاگادار کردنەوەکانی رژیمی ئاخوندی لەلایەن جۆرج بوش لەسەر ئەوەی دەست لە دەخالەت کردن لە کاروباری ناوخۆی عێراق هەڵ گرێ، قسەکانی سەرۆکی فەرانسەی باس کردوە کە هەردوو ڕێگەی "بۆمبارانی ئێران یان وەدەست هێنانی بۆمبی ئەتۆمی" هەردوك بەیەك ئەندازە کارەسات بار دەبن. "ئەلیور نورث" لە دوای دوپات کردنەوەی هەڕەشەکانی ڕژیمی ئێران لە دژی ئەمریکا، باسی لە کردەوەکانی دیمکراتەکانی و پالێوراوەکانیان بۆ سەرەك کۆماری لەسەر هەڕەشە دەکا و بەو ئاکامە دەگا. نەبوونی ڕێکەوتن و هاوکاری لەسەر ڕووبەڕووبوونەوە لە بەرانبەر ئەو هەرەشەیەی کە سەرچاوەکەی لە تاران و بناژۆخوازی دینی خاوەن بەبۆمبی ئەتۆمی، ئەمریکای خستۆتە بەرمەترسییێکی گەورە. ئەو لێکۆڵەرەوە بابەتەکەی بەم شێوەیە کۆتایی پێ دێنێ و دەنووسێ: شەش ساڵ لە دوای ئەوەی سێ هەزار ئەمریکایی بەهۆی کردەوەییێکی خۆکوژی ترۆریستی کوژران، ئیستا لەگەڵ نەوعێك بناژۆخوازی ئیسلامی ڕووبەڕووین کە توانای وێران کردنی یەك شاری ئەمریکای هەیە. فەرانسەوییەکان ئەو مەترسیەیان زانیوە، ئایا کۆنگرەی ئەمریکاش ئەو مەترسیانە دەزانێ؟

***

# ٥٠ ساڵ کارایی و لێهاتویی ناوەندی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆم

٥٠ ساڵ بەر لە ئێستا کاتێك کە ناوەندی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم دەستی بەکار کرد، بۆ هیچ کەسێك جێگەی چاوەڕوانی نەبوو کەڕۆژێك ئەو سازمانە لەگەڵ بازاڕی ڕەشی ناوکەیی یان هەڕەشەی تروریسمی ناوکەیی بەرەوڕو بێت. ئەمڕۆ بەئاشکرابونی گەڵاڵە ئەتۆمیەکانی عێراق لەکاتی سەدام حسێن و ڕژیمی ئاخوندی و لیبی و کوریای باکور، ناوی ئەو سازمانە لە هەموو کاتێك زیاترە. ناوەندی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم کە ئێستا ١٤٤ ئەندامی هەیە، لە ٢٨ ژوئیە ساڵی١٩٥٧و لەپێوەندی لەگەڵ بەرنامەی ئەتۆم بۆ ئاشتی وەکو بەشێك لە سازمانی نەتەوەیەکگرتوەکان دامەزرا. ئەو سازمانە زیاترلە ٢٢٠٠ ئەندامی لێهاتویی بەسەردەچویی جۆراو جۆر لە ٩٠ وڵاتی جیهاندا هەیە و بە گەڵاڵەگەلێك لەبارەی ئەمنیەتی مەوادی ناوکەیی بگرە تا ئەمنیەتی مەوادی خۆراکی، لێکۆڵینەوەکانی سەرەتائی، موبارەزە لەگەڵ عاملانی سەرهەڵدانی مالاریا دەست بەکارە. لەدوای کۆتای هاتنی شەڕی سارد، چاودێری کردن بەسەر ئەنباری مەوادە ناوکەیەکانی لە چەکی ناوکەیی هەڵوەشاندەوە، یان سەرچاوەی مەوادی رادیولوژیکی کە هەڕەشە لە مرۆڤ و ژینگەکان دەکات بەبەشێك لە ئەرکی ئەو ناوەندەیە. بڕیارەکانی ناوەندی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم وەکو دامەزراوەییێکی نێودەوڵەتی، هەمیشە لەگەڵ رەخنەی وڵاتانێك کە کاریان لێکۆڵینەوە و بەدواداچونی لەسەر ئەو سازمانەیە بەرەوڕوە. دەیوید ئالبرایت سەرۆکی دامەزراوەی عیلم و ئەمنیەتی نێودەوڵەتی دەڵێ: یەکێ لە هەڵەکانی ڕژیمی ئێران ئەوەیە کە هاوکاری خۆی لەگەڵ ناوەند، دەبەستێتەوە بە بارودۆخی سیاسیەوە، لەو بارەوە دەبێ بڵێین کە ڕژیمی ئێران لە ناوەندی وزەی ئەتۆم ناگات. بەقسەی ئالبرایت ڕژیمی ئاخوندی دەست گەیشتنی پشکێنەرانی ناوەندی بەدامەزراوە ئەتۆمیەکانی بە وتووێژی جیهانی لەسەر گەڵاڵە ئەتۆمیەکەی پێوەند داوە. ئالبرایت بە رادیۆ فەردای گوت: ناوەند ئاژانسێکی نێودەوڵەتیە کەبەشێوەی سەربەخۆ، هاوکاری یان نەکردنی هاوکاری وڵاتان لەگەڵ باس دەکات. ئالبرایت گوتی: ڕەخنەگەلێك کە لە کردەوەیی ناوەندی وزەی ئەتۆم دەگیردرێ ئەوەیەکە ئەو سازمانە کە لە چوارچێوەی سازمانی نەتەوەیەکگرتوەکان بەشێوەی سەربەخۆ کاردەکات، زۆرجار سەرکەوتو نەبوە کە لەنێوان پشتیوانی خۆی لە کەڵك وەرگرتنی ئاشتیخوازانە لە وزەی ئەتۆمی و هەوڵدان بۆ پێشگیری لە پەرەگرتنی چەکی ناوکەیی جیاوازییێك دابنێ.

**ئایا ناوەندی وزەی ئەتۆم لە پێشگرتن لە پەرەگرتنی چەکی ناوکەیی سەرکەوتوو بوە؟**

بۆ لێك دانەوەی ئەو بابەتە ئەبێ چەند ئێستاندار و پێوانەیێك هەبێت. ئێستا وڵاتانێکی زۆر لە جیهاندا خاوەنی چەکی ئەتۆمین و وڵاتانی وەك هیند لە فەناوەری غەیرە نیزامی خۆیان بۆ بەدەستهێنانی توانایی بەرهەم هێنانی چەکی ئەتۆم کەڵکیان وەرگرتوە. بەوحاڵە بە بەرنامەی چەکی ناوکەیی ژمارەیێك لە وڵاتانی جیهان یەك لەوان ئەفریقای باشور کۆتایی هێندراوە. "هێندی سوکولسکی" بەڕێوەبەری ناوەندی بارهێنانی قەدەغەکردنی پەرەگرتنی کەرەسەی شەڕی ناوکەیی لە وەڵام بەپرسیاری رادیۆی فەردا کە ئایا بونی ناوەند لەمەڕ پێشگرتن لە دەست گەیشتنی وڵاتان بەچەکی ناوکەیی کاریگەری بوە، دەڵێت: بەڵێ لەو پێوەندیەدا گوتی هیچ دامەزراوەییێکی دیکەی جیهانی وەکوو ناوەندی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم ئەو ئیختیارەی نیە کە لەبارەی مەوادی ناوکەیی راگەیێندراو کە بتوانرێ بەوە بومب دروست بکرێ لە وڵاتان حسابی بوێ. ناوەند وەکوو دامەزراوەییێك لەبارەی وڵاتە کێشەخولقێنەکانی وەکو ئێران و کوریای باکور، بەڕاستی و سەداقەتکاری کردوە. ناوبراو زیادی کرد کاتێك کە ناوەند دامەزرا، گوتنی ئەوەی کە لە کام شوێن پشکنین بکرێ سانابوو، لەبەر ئەوەی ژمارەی ئەو دامەزراوانە زۆر نەبوە. بەڵام ئێستا نەتەنیا ژمارەی ئەو دامەزراوانە زۆر زیاتر لە ڕابردوە، بەڵکو زۆرێك لەوانە لەوڵاتانێك هەڵکەوتون کەقسە هەڵدەگرن. جیاواز لەوە مەسئەلەی دژواری دیکە ئەوەیە کە لە هێندێك لەو دامەزراوانەدا یەك لەوان لە نیروگای بەرهەم هێنانی سوتەمەنی، ئەگەر مەوادێکی ناوکەیی وون ببێ، زانینی ئەو خاڵە کە ئایا مەوادەکە دزراوە یان نا دژوارە. محمد البرادعی لە کونفرانسێکدا لە سئول بەبونەی ٥٠هەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی ئاژانس گوتی: توانایی ناوەند لە بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکە گرینگەدا دەتوانێ بەهۆی کەمبوونی بودجە کەم ببێتەوە. هێرش گوتی: هەر وەکوو ئەوەی کە محمد البرادەعی رایگەیاند، توانایی ناوند بۆ ڕاگرتنی حیساباتی هەموومەوادە ناوکەییەکان، کەم دەبێتەوە.

# کومەڵ کوژی قارنێ و قەڵاتان زامێکی قوله له جەستەی گەلی کورددا

لەرۆژی ١١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٨٥ کۆچی خۆری و تەنیا لەدوای سالیك تێپەرین بەسەر بەدەسەڵات گەیشتنی خومیینی و ڕژیمەکەی، هێزە بەکرێگیراو رەگەز پەرست و دوژمن بە کوردەکانی ئەو رژیمە، بەفەرمانی خومینی دەستیان دایە سوتاندن و وێران کردن و کوشتنی هاونیشتمانانی کورد و لە قارنێ و قەڵاتان و کانی مام سەیدە و سەوزە بەربوونە گیانی دانیشتوانی ئەو دێیانەو لە ماوەییکی کەم دا دەیان کەسیان شەهید و بریندار کرد.

لەقارنێ خەڵکی بێ تاوان بەپیر هێزی تینوو بە خوێنی کوردەوە چوون پێیان وابوو بە داوا کردن لێ یان لەحەزی مرۆڤ کوژی و خوێن خۆریان کەم بکەنەوە، مامۆستای دێ قورئانی پیرۆزی بەرەو پیری دوژمنانی ئازادی برد، بەڵکو، هێزی بەکرێگیراوی رژیمی گۆر پەرست و بەناو ئیسلامی لە بەرخاتری قورئان بەزەییان بەخەڵکدا بێتەوە، بەڵام بێ سوود بوو، ئەوانە نە گوێیان بە قورئان داو نە گرینگیان بەداوای پیرو ریش سپی و ژن و مندالی قارنێ و قەڵاتان دا. بەڵکو ئەو فەرمانەی پێیان سپێردرابوو جێ بە جێیان کرد، حەزی مرۆڤ کوژی و کورد کوژیان بەرشتنی خوێنی زیاتر لە ٣٧ هاونیشتمانی کورد دامرکاند.

بێ گومان بیرەوەری کۆمەڵ کوژی و قەتڵ و عامی قارنێ و قەڵاتان و وسوو کەند و مام سەیدە و سەووزە، بۆ هەر کوردێکی نیشتمان پەروەر، جیاواز لەوەی بیرەوەرییەکی تاڵەو بە ئازارە، لەهەمان کاتیشدا هۆێکە بۆ ئەوەی ئاوری خەبات و بەربەرەکانی لە بەرانبەر دوژمنی قین لەدڵ بلیسەدار راگرێ و لە بەرانبەر داوا رەواکانی گەلی کورد ، هەنگاوێك وەدوا نەدەین.

کوشتنی هاونیشتمانانی کورد بە دەستی هێزی داگیرکەری رژیمی گۆرپەرستی ئاخوندەکان، دیاردەێکە کە کەم رۆژو مانگ هەیە لەلایەن ئەو هێزانەوە بەرێوە نەچێ. لەدوای ٢٨ ساڵ تێپەڕین بەسەر کارەساتی جەرگ بڕی قارنێ و قەڵاتان و ئەو جینایەتە سامناکەی بەرانبەر بەگەلی کورد کرا، ئێستاش دەبینین، کاسبکارانی بێ دەرەتانی کورد کە بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان ماڵ و منداڵیان رێگە پر مەترسیەکان دەگرنە بەر دەکەونە بەردەستڕێژی چەکی هێزی بەکرێگیراو دەکوژرێن، لاوانی کورد لە زیندان دەست بەسەر دەکرێن و حوکمی ئیعدام و زیندانیان بەسەردا دەدرێ، ئازادیخوازانی کورد و بەگشتی تێکرای هاونیشتمانان دەکەونە بەر ئازارو هەرەشەی ناوەندە سەرکوتگەرەکانی دەسەڵات لە کوردستاندا.

ئاشکرایە تا دەسەڵاتی مرۆڤ کوژی ئاخوندەکان درێژە بە حوکمی نارەوای بدا بەرچاورونیەك نیە بۆئەوەی کۆتای بە ستەم و ئازاری کورد بهێندرێ ئومێدێك نیە هیچ کەس تامی ئازادی بچێژێ، هەربۆیە جێگەی خۆیەتی بەبیرهێنانەوەی هەر جینایەت و درندانەیەتییەکی دەسەڵاتی ملهوری ئاخوندەکان، تێ بکۆشین مەودای تێکۆشان و چالاکیەکانمان لە بەرانبەر ئەو دەسەڵاتە دژبە مرۆڤ و دژبە کورد بەرینتر بکەینەوە و بەخەبات و کاری بەردەوام، بتوانین دەروی ئازادی بکەینەوە و روحی شەهیدانی بێ تاوانی قارنێ و قەڵاتان و تێکرای شەهیدانی کوردستان و رێگەی ئازادی شاد بکەین.